کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ملوانکەی مەرگ

کام ڕووبارە
پرچی ڕەشی مەرگ به شانه ی سروەی بەیانیان دادێنێ
کام کازیوە
خەونی بەیان ، لە چاوانی نمەی باران دەتۆرێنێ
کام باخچەیە
عەتراوی مەرگ بەسەر شانی هەنگی بەیان دەپرژێنێ
ئەرێ ئەوە ، کامە مانگە
تریفەی ملوانکەی عاشق دەنک دەنک دەوەرێنێ
کام لوتکەیە
دڵی خاک تورە دەکات و بەرزایشی لێ دەستێنێ

هەوری ئاسمان
خۆر و مانگ و ئەستێرەکان
کانی و چەم و جۆگەلە و گشت ڕووبارەکان
هەمووتان دەکەمە شایەت
ئێستا لە وولاتەکەی من
دەهۆڵی مەرگ لێدەدرێ
تارای بووکی لەسەر ڕووی مەرگ لادەبرێ
دەستو پەنجەی بووکی بووکان
لە بری خەنە
بەخوێنی جەستەی خووشکەکەی خەنە دەکرێ
ملوانکەت مەرگ
بەگەردنی یەک بە یەکی کیژی شارەکەمدا دەکرێ

بەڵێنم بێ
نەیەمەوە ، بۆ نێو شایی مەرگی کیژان
بەڵێنم بێ
نەهی بکەم لە پیاوەتی پیاو سالاران
بەتەنها دەچمە ناو شارێ
کە کیژانی ئاوا بڵێن :
خۆر لەسەر دەستی ڕاستم و
مانگیش لەسەر دەستی چەپم
دوو شیلانەم بە دوو ئەستێرە داپۆشم
دەست و پەنجەم
بە خەنەی گوڵاڵە سوورە خەنە بکەم
تارای سپی ، لە پاکێتی کیژی عاشق لەسەر بکەم
تا ئەوەندەی نووزەم تیابێ هاوار بکەم :
ژیان بێ مەرگ زۆر هیچە
مەرگیش بێ مەرگی ئاشقان هەر زۆر هیچە

ڕزگار گوڵەباخ
golabach@yahoo.de
بەرلین 27.05.2007